## پەیڤ: ئەڵەقەی 47

## چووین 18کچەکە بێنینەوە بە دەستی بەتاڵ هاتینەوە

**نووسینی: ڤینۆس فایەق**
venusfaiq@yahoo.co.uk

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 13 مانگی نیسانی ساڵی 2006 لە دەرگای دەروەی ماڵەوە دەرچووم و بەڕێکەوتم بەرەو بارەگای باڵیۆزخانەی میسر بۆ ئەوەی بەشداری بکەم لەو خۆپیشاندانەی بەبەشداری 16ڕێکخراوی کوردەکانی نیشتەجێی هۆڵەندا سازدربوو بۆبەر باڵیۆزخانەکە ، پێشتر داوام لە کاک عەلی مەحموود کردبوو بەناوی گۆڤاری ئەنفالەوە بەشداری بکەم ، کە بە خۆم بەبەختەوەر ئەزانم ئەندامی دەستەی نووسەرانیم لە کوردستان.. کاک عەلی بەبێ بیرکردنەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی چونکە ئەیزانی چەند خەمخۆری کیشەی ئەنفالم ، ئەو ڕۆژە هەموو خەمی ئەم چەند ساڵەم پێچاپەوە و ڕۆحی هەژنە کچی کوردی نازدارم لەسەر هەردوو شانم هەڵگرت ، دەنگی گریانی دایکە ئەنفالکراوەکان و دایکی ئەنفالکراوەکان و دایک و کەسوکاری ئەو هەژدە پاکزە کوردەم لە سینگمدا هەڵگرت و بەڕێکەوتم.

گەیشتمە بەر باڵەخانەی باڵیۆزخانەی میسر وام ئەزانی گەیشتمە بەر یەکێ لە مەلهاکانی میسر و لەوێ کچەکان بوخچەی جلوبەرگیان پێچاوەتەوە و چاوەڕێمانن لەگەڵ خۆمان بیانبەینەوە بۆ باوەشی کەسوکاریان..

لەگەڵ هاوڕێم کاک ئەمیر محەممەد لێپرسراوی ڕێکخراوی ڕێکخراوی چاک لە هۆڵەندا کەچووەمە ژوورەوە وامئەزانی ئەچمەناو ژوورێک لەوانەیە لەودیویەوە هەژدە کچ چاوەڕێن بێنەدەرێ و باوەشیان پیا بکەم..

کابرایەکی باڵابەرزی ڕەنگ ئەسمەر ، کە لەدوورەوە ئەیبینێت وا ئەزانیت ئەمە داخوا ئیستا چ ئادەمیزادێکی زرنگە لە دونیا تێکەیشتووە ، کەوتینە قسەکردن ، سەرەتا خۆم ناساند و داوام کرد گوێم بۆ شلکات باسی ئەنفالی بۆ ئەکەم ، شکم هەبوو تەنانەت ناوی ئایەتی ئەنفالیشی بیستبێت ، ئەوی ئیسلام ، باسی ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکان و سووتاندنی 450 دێکەم بۆ کرد ، لەلای چەپێ دەمیەوە زەردەخەنەم ئەبینی ، هەرچۆنێبوو دانم بەخۆماگرت و بەردەوام بووم هەتا باسەکەم هاتە سەر باسی هەژدە "پاکیزە" کوردەکە کە فرۆشران بە میسر بۆ ئەوەی دواتر بیاندەن بە مەلهاکان ، لەناکاو بە پێیکەنین و سەرسامیەوە پرسی: فرۆشران؟؟ وتم: بەڵێ ، وتی: شتی وا چۆن ئەبێ ، و بۆ؟ و چۆن؟ ، وتم: وادیارە جەنابتان ئەگات لە کارەساتی ئەنفال و وردیکاری و ناواخنەکەی نیە ، ئایەتەکەم وەبیرهێنایەوە ، وتم ئائەو ئایەتە شەرعیەتی دا بە لەناوبردنی سەدوهەشتاودووهەزار کوردی بێتاوان ، لەناویاندا هەژدە پاکیزە ، وتی: نا نا ، لەوانەیە نووسینگەی کاردۆزینەوە بردبنی لەسەر داواکاری خۆیان بۆ ئەوەی بچن لە میسر کاربکەن .. ئائەو کاتە هەموو ئاسمان لەسەر سەرم ڕەش وتەڵخ بوو ، هەرچی دایکە ئەنفالکراوەکانن لە سینگما دایانە زریکەی گریان ، هەرچی باوکەکانە تووڕەبوون دایانەهاوار ، هەرهەموو جەستەم هاتەئێش و لەرزە ، نەمزانی چ بێژم ، توخوا نووسینگەی کار یان قەسابخانەکان هەبوو؟؟ توخوا نووسینگەی کار یان قاچاخچیەکانی ڕۆح و ئادەمیزاد بوون؟ هەرچۆنێ بوو دانم بەخۆماگرت ، هەرچی من و هاوڕێکەم قسەمان بۆ ئەکرد ئەو هەرچەندە خۆی وانیشان ئەدا باوەری هێناوە بەڵام هێند سەرکەوتوونەبوو لەوەی بتوانێت

هەموو هەستی خۆی بشارێتەوە ، کە لە ناخیدا باوەڕی نەبوو خەم و کارەساتێک هەیە پێی ئەڵێن ئەنفال ..
هاوڕێکەم هێندی تر بە دۆکومێنت مەسەلەکەی دەولەمەندکرد و باسەکەی تاوتوێکرد ، زیاد لە 45 دەقیقە لە ژوورەوە ماینەوە ، پەیمانی ئەوەمان لێ وەرگرت قسە و داواکاریەکانما بگەیەنێتە شوێنی خۆی و وەڵامان بداتەوە ، پەیمانیدا ، هەرچەندە شکم هەیە لەوەی لە ئاکامەکانی ئاگادارمان بکاتەوە. باوەڕم وانیە تەنانەت مەسەلەکە وەکووخۆی بگەیەنێت.
بە هەرحاڵ لە دەرگای باڵیۆزخانەی میسر لەگەڵ هاوکارەکەمدا هاتینە دەرێ بۆلای ئەو کۆمەڵەی لەدەرەوە چاوەڕێمان بوون بۆ ئەوەی باسی گفتوگۆ و بەسەرهاتی چوونەژوورەوەکەمانیان بۆبکەین ، کە هاوڕێکەم داوای کرد من قسە بکەم ، لەخۆڕا هەموو جەستەم هاتە لەرزین و نەمتوانی قسەکانم تواوبکەم ، وامئەزانی هەموو زەوی لەژێرپێما ئەجوولێت و ئازاری دێت ، وامئەزانی هەرهەژدە خانمە کورەکە لە هەناوما دانیشتوون و ئەگرین و لەسەرما خەریکە رەق ئەبنەوە ، وامئەزانی ئەوان لە سینگی مندا هەڵواسراون و جەستەی نەرم وناسکیان لەشیش ئەدەنەوە و لە چاوەکانی منەوە ئەگرین و لە چاوی منەوە فرمێسک ئەرێژن ، وامئەزانی لە قوڕگی مندا دانیشتوون و هاوار ئەکەن و هانامان بۆ ئەبەن و باوەشیان کردۆتەوە بیانبەینەوە بۆ باوەشی کوردستان ، بەداخەوە نەمتوانی درێژە بە قسەکانم بدەم ، هێند جەستەم ئەلەرزی ، هێند لەناخدا وێران و هیلاک و برینداربووم . داوام لە کاک ئەمیر کرد درێژە بە قسەکان بدات ، ئیدی لە زۆریان وابوو کەوا کارێکی سەرکەوتوومان کرد ، لە چاوی مندا وەکوو کار کارێکی سەرکەوتوومان کرد ، بەڵام وەکوو کاردانەوە و بەدەنگەوە هاتنی حکومەتی میسر باوەڕم وانیە کاردانەوە و بەدەنگەوەهاتنی لێبکەوێتەوە ، چونکە هێندەی من لە مێشکی عەرەب و حکومەتە عەرەبیەکان تێگەیشتبم ، هەرگیز نازانن کاردانەوەیان هەبێت لە خەمەکانی کوردا ، چونکە ئەوان پێویستاین بەوەیە سەرەتا فێری هونەری ئەوەبن دان بە بوونماندا بنێن ، ئینجا باوەڕ بە خەم و کارەساتەکانمان بێنن ، دواتر باوەڕ بەو راستیە بێنن کەوا ئەو هەژدە کچە کوردە وان لەوێ ، و ئینجا پەیمان بدەن هەوڵی جیدی بدەن ، هەمووئەوەش ئەگەر کرا هەرگیز تەواو نابێت ئەگەر داوای لێبوردنمان لێنەکەن ، زۆر بە گومانیشم داوای لێبردن بکەن ، لەبەر هیچ نا ، هەر لەبەر ئەوەی ئەوانە هونەری داوای لێبردن کردن نازانن..
ئیدی چووین داوای دیاریکردنی چارەنووسی 18 خانمەکە بکەین ، بە دڵی پڕ لە خەم هاتمەوە...